# گوندێک لەسنووری قەزای پێنجوێن بەردوومان کراوە و بەوهێوە ئاگرێکی فراوان لە ناوچەکە کەوتووە

گوندێک لە ناحیەی ناپاریز لەسنووری قەزای پێنجوێن بەردوومان کراوە و بەوبەری ناحیەی ناپاریز دەت، بەهۆی بەردوومانی فڕۆکەی بەفڕۆکەوان ئاگر لە دارستانەکانی دەوروبەری گوندەکە کەوتووتەوە.

بەوبەری ناحیەی ناپاریز لە قەزای پێنجوێن، هەمن ئیبراهیم ڕاگەیاند کە تێپبارانەکە گوندی بەدانی کردەتە ئامانج لەنزیکەی کاتژمێر حەوتی بەیانی ئەمڕۆ سەشەممە.

ئەو ناوچەیەی بەردوومانکراوە چڵیە و نزیکە لەگوندی بادانی و هیچ زیانێکی گیانی لە بەردوومانەکە نەبووە، بەڵام زیانی زۆری بە سروشت و دارستانەکانی ناوچەکە کەوتووە.

بەوبەری ناحیەی ناپاریز لە قەزای پێنجوێن گوتیشی: بەردوومانەکە بە فڕۆکەی بەفڕۆکەوان ئەنجامدراوە و خێکی گوندی بەدانا و دەوروبەری کەنترۆڵی ئەو ئاگرەیان کردووە کە دارستانەکانی دەوروبەریان گرتووە.

تا ئێستاش ڕوون نییە کە ئەو بەردوومانەی ئەنجامداوە، بەڵام تورکیا لە ماوەی ڕابردوودا چەند جارێک بە بیانووی بوونی چەکدارانی پەکەکە دەوروبەری ئەو ناوچەیەی تێپباران کردووە، هەروەها تا ئێستاش هیچ لایەنێکی ئەمنی و حکومی لە هەرەمی کوردستان سەرکەنەی ئەم بەردوومانەی نەکردووە.